سەرۆك وەزیران بە وەزارەتی کارەبا: دەبێت ئامادەکاری تەواو بکرێت بە هاوینی داهاتوو

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ، ڕێنمایی وەزارەتی کارەبا دەکات کە تەواوکردنی پرۆژەکانی چاککردنەوە و ئامادەکاری بە هاوینی داهاتوو .

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە سەردانی بارگای وەزارەتی کارەبای کرد لە بەغدا بە بەدواداچوون بە بەرەوپێشچوونی پڕۆژەکانی وەزارەت و ئامادەکارییەکان بە دابینکردنی پێداویستییە زیادەکانی سەر وزەی کارەبا لە هاوینی داهاتوودا"، هەروەها سەرۆك وەزیران بەدواداچونی کرد بە پلان و ئەو بەرنامانەی کە داڕێژراون لەگەڵ ئەو پلانانەی کە جێبەجێ دکرێن بە چاککردنەوە و فراوانکردن لەلایەن هەردوو کەمپانیای نەوتەوە و تی جی ئەی و سیمنسەوە".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە" سودانی سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە بریکاران و ڕاوێژکاران و هەردوو بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتەکەی لەخۆگرتبوو و تێیدا سەرجەم ئەکارەکانی وەزارەت و داتا و ئەو ژمارانەی کە تایبەتن بە کەکردنەوەی پارە و ئەو بار قورسییەی کە لە داهاتودا پێشبینی دەکرێت خرانەوە لەگەڵ هەنگاوەکان بە ڕووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی نیشانەکانی بار و جێنجاڵی تەڵی کارەبای نیشتمانی".

سەرۆك وەزیران" جەختی کردەوە لەسەر گرنگی ئامادەکردنی وزەی کارەبا و دابینکردنی وەك پێشینەیەکی خزمەتگوزاری و پێوەرێك بە هەڵسەنگاندنی ئەدای کارمەندان لە وەزارەتی کارەبا".

هەروەها "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپاردەکانی پشووی نوێکردەوە سەبارەت بە پێویستی لەکەڵینەوە لە سەلامەتی ڕەوشوێنەکانی گرێبەستەکان و پەسەندکردنی کەمپانیا بەناوبانگەکان، بە بەدیهێنانی خواستەکانی هاوڵاتیان لە وەرگرتنی خزمەتگوزاری بەردەوام و دابینکردنی وزەی کارەبا".

سودانی "بەدواداچوونی بە ڕەکارەکانی وەزارەت کرد سەبارەت بە پڕۆژەکانی وزەی پاك و نوێبووەوە و بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی تایبەت بە فراوانکردن و پڕپێدانی ئەم کەرتە".